# وەڵامێک بۆ جەمال جەلال .. عەزیز هەریری

دەمێکە هاموشۆی ماڵپەڕی کوردستان نێتم کردووە و، زۆر لە زووەوەش ئاگاداری ئەوەم کە ئێوە بۆ شۆرەت پەیدا کردن پەلاماری ئەو و ئەو دەدەن، ئاشکرایە من نا! بەڵام لە مێژەوە حەزرەتی شێخ رەزای تاڵەبانی وەسفێکی روونی ئێوەی کردووە، کاتێك کە فەرموویەتی:

لەبەر زۆری شاعیر لەم عەسرەدا
بۆتە حەشری. . . . . لەم حوجرەدا

گەر تەنز نووس بای، دەم گوت قەیناکە ئەو قسانەی کە کردوونیەتی لە خانەی تەنزی دۆڕاو ئەژماری دەکەم، بەڵام داخەکەم ئاستی رۆشەنبیریی و رادەی بیرکردنەوەی ئێوە زۆر لەوە کەمترە، کە بە بەچکە نووسەریش ئەژمار بکرێیت.

جنێودان و قسەی هەڵبەستراو پیشەی کەسانی ترسنۆکن، کەسانێکی وەك تۆی شەق دراو لە نێو ریزەکانی پارتێك، کە من زۆر بە شانازییەوە تا وەکو ئێستا هەر هەڵگری بیروباوەڕی ئەوم، پارتێك کە جێگای ئێوەی جنێوفرۆشی تیا نەبۆوە، بۆیە هیچ لام سەیر نییە رێڕەوی خەباتت لەوپەڕی چەپەوە بگۆڕیت بۆ ئەپەڕی راست، وەك ئەوەی گێڕی ئۆتۆمبێلەکەت بگۆڕیت، ئاخەر ئەوەی عەزیز هەریری بناسێت و تاوەکو ئێستا ئاشنایەتیی لەگەڵی هەبێت، شایەدی ئەوەی بۆ دەدات کە خاوەن رەوڕەوەیەکیش نییە، وەك ئێوەی جنێۆفرۆش بە ئۆتۆمۆبێلە مۆدێل بەرزەکەت، شایلۆغانی پێ بکات.

جەمالی جنێوفرۆش، من وەك دێوەزمەیەك بە خوێنەران دەناسێنێت، کە گشت کاتی کارکردنم لە گۆڤاری کاروان بە راپۆرت نووسی بەسەربردبێت، دژی نووسەران و هاوکارانم، لام سەیر نییە جەنابی کاك جەمال ئەم قسەیە بکات، چونکە گۆڤاری کاروان و بەشایەدی گشت نووسەر و ئەدیب و، کەسانی خاوەن هەڵوێست جێگەی ئەو کەس و لایەنانە بوون، کە زۆر لە جەمالی جنێوفرۆش شەریفتر و، خاوەن هەڵوێستی کوردپەروەرانە بوون، ئاخەر جەمالێکی جنێوفرۆش هەقیەتی رق و کینەی بەرامبەر گۆڤاری کاروان دەربخات، چونکە تاوەکو ئێستا دەرکردنی لە گۆڤاری کاروان بیرنەچۆتەوە، کاتێك بابەتێکی پڕ شتی نابەجێ و قسەی سووك، بوون بە هۆی دەرکردنی لە گۆڤارەکە لەسەر دەستی جێگری سەرنووسەر، بابەتێك لەسەر مامۆستای بەرێز (کامل ژیر) .

بەهەرحاڵ، جەمالی جنێۆفرۆش تۆی کۆنە شیوعییەکی سەقەتی هەڵپەرستی دوای راپەڕین، نا (خۆگر) یت و هەڵپەرستیت، هەر لە زووەوە بوون بە هۆی ترۆ کردنت لەپارتەکەت، ئەوەی تۆش ناوت ناوە زانیاریی و بە پەرەمووچەکەت کاغەزت پێی رەش کردووە، هاوشێوەی ناواخنت، وەك خۆت (خۆگر) و سەقەتن، جنێۆفرۆشی پیشەی من نییە و نامەوێ دابەزمە ئاستی تۆ و، هەموو ئەو شتانەیش کە باسیان دەکەیت بە پولێکی قەڵپ نایکرم، چونکە من لە هەموو کەسێك باشتر خۆم و ئەو جەمال (خۆگر) ە دەناسم، کە ساڵی (1996) خۆی بەنیاز بوو لەماڵەوە سەردانم بکات، پێشی دەڵێم: بەڵێ جەناب من زۆر نارازیم، ئاخەر کاتێك کە من خەباتم دەکرد ئێوەی جنێوفرۆش دشداشەی عەرەبی بە پاشەڵتان دەهات و دەچوو لە دەشتی مەخموور؟!

هەر هێندە بۆ جەمالی جنێوفرۆش بەسە کە پێی بڵێم "کاروان دەڕوا و سەگەکانیش دەحەپن ".

عەزیز هەریری
Aziz. hariri@kurdpost. com